


لەتەک تاریک و ڕوون‌دا کەوتیتە ڕێ . پێدەشت و هەورازو نشێوەکانت بڕی . بیرت لەحەسانەوە نەکردەوە . وات دەویست بەر لەوەی تاریکی ڕەشماڵی خۆی هەڵداو ، هەموو شتێك لەڕەشایی شەودا نوقوم بێت . بگەیتە ئاوایی‌یەکەی ئەو دیو چیاکەو لەتەک سپیدەی ڕۆژی دوواییش‌دا بگەیتەوە ئەوگوندەی لێوەی هاتبووی . چاوت بڕیبووە چیا گەردن کەشەکەو ، هەنگاوی ڕێك و پێکت دەنا . لە هەموو ئەو ماوەیەدا کە بڕیبووت تەنها جارێك بە بیرتا نەهاتبو ئاوڕێکی تێدا بدەیتەوە ، هەموو ئاوڕدانەوەیەك ، لە گوژم و تینی ڕۆیشتن کەم دەکاتەوەو ، دەبێتە هۆی دوواکەوتن ، چەند بچووك تریش بێت . لەڕەوتی مل نان و چوونە پێشەوە . .

لەپێش‌دا وا نەبوویت ، هەر زوو هەستت بە ماندوێتی دەکرد . ماسولکەو دەمارەکانی قاچت ، لە ڕووی هەورازەکان‌دا کرژ دەبوون . هەناسەت سووار دەبوو و ، خێزەت لێوە دەهات .

هەموو جارێك دایکت پێی دەووتی :

* ئێرەت لێ ببڕێت چی دەکەی ؟

تۆ دەتگوت :

* خۆم بەوێ ڕادێنم .

ئەو دەیگوتەوە :

* ڕێگەی هەورازو نشیو ڕێبواری خۆی هەیە . تۆ دەتگوت :

* کەی خۆشی‌یەکانمان لاخست ، دەبینە ڕێبواری ئەو ڕێ یانە .

ئەوسا تۆ هەر زوو لە ڕۆیشتن بێزار دەبوویت . هەر فرمانێك بەرۆکی پێ بگرتیتایە وات دەویست وابێ لە شوێن و جێگەی خۆیەوە بەنجام بگەیێنرێ . ئەوسا تۆ وات دەویست ، ئێستاش ئەو ملەی دەیبینێت ئاوردانەوەت بۆ نی‌یە . پێ دەشتەکان دەدریتە دەم یەك و دەیان بەستیت بە هەورازو چیاکانەوە . هەر شەوێ لەشوێن و جێگەیەك‌دا ، لێی درێژ دەبیت و ، لەپاڵ بەردێك‌دا گیانت دەحەسێنیتەوە .

تۆ زووتر خۆت هۆگری ئەو کارە کرد .

گەیاندنی ڕاسپاردەکانت بە خۆت ڕەوا بینی . ئەتبردن و ئەتهێنان ، بەلاتەوە ئەمانەتێکی پیرۆز بوون . بۆیە تووندترو قایمتر هەڵدەگرتن ، بەرچاوت نەدەخستن ، تا بە شوێن و جێگەی خۆیانت دەسپارد . لەو سەرەوە پاشەو پاش دەبوویتەوە ملی هەمان ڕێگەت لێ دەگرتەوە . بە کوێ‌دا هاتبوویت هەر بەوێ دا دەهاتیتەوە .

●

ڕێگاکان بە تۆ ئاشنابوون و ، تۆش بەوان ئامۆ نەبوویت . بووبوویتە هاوڕێی دووا بەردو داری ئەو ڕێ و بانانە . کە برسێتی زۆری بۆ ئەهێنایت ، لە سەر کانی و ئاوێك ووزگت دەخستە سەر تۆێشەبەرەکەی پشتی خۆت . کەیش ئالۆش ئارامی لەبەر هەڵگرتیتایە ، لەکوێ بە شارە مێروولەیەك بگەیشتیتایە ، لە ڕێگەکە لات دەداو ، دوور دەکەوتیتەوە . دوور دەکەوتیتەوەو ، بەدیار شارە مێروولەیەکەوە چیچکەت دەکرد . دووا پارچەت لەبەری خۆت دا دەماڵی و ئەتدا بە سەر شارەکەدا . سەرنجی مۆریانە قەڵەوەکانت دەدا ، ئەوەندەیان چلك و خوێن خواردبو ، حەوسەڵەی هەنگاونانیان نەبوو . باشتر تێت دەڕووانین ، مێروولە گورج و گۆڵەکانت دەدی . بەیەك دەگەیشتن و بەگوێی یەکتریان‌دا دەچرپان . ئیتر ئەوان بەیەك‌دا دەهاتن و دەچوون . ئەوانەی کە لە شارەکەیان دوور کەوتبوونەوە ، بەرەو دووا دەبوونەوە . هەواڵەکان زۆری نەئەخایاند دووا یەکیانی دەگرتەوە . کاتێکت

دەزانی نەك هەر مۆریانە قوورسە رەنگاو رەنگەكان چلكەكەشیان لە كۆڵ جلەكانت كردووەتەوە . ئەوسا جلەكانت لەبەر خۆت دەكردەوە . لەبەر خۆتەوە ئەت ووت « ئەبێ مرۆڤ ئەركی خۆی بەشان و كۆڵی خۆیەوە بێت » .

●

هەنگاو دەنێیت و دەچیتە پێشەوە . چیا بڵندەكە دێت بە پیرتەوەو ، ئەوەندەی كە كورو كوژمت دەداتێ . هەست بە شتێكی نا ئاسایی دەكەیت . شۆڕ دەبیتەوەو رووەو لای تۆ دێت . تەپ و تۆزێكی سوور بەدەم باكەوە ئەدا . ئەوانەی پشتەوەی لە دوو ڕیزی ئەم دیو ئەودیودا دەردەكەون . دڵیان لە مشتیاندایەو چاویان لە ئاستی ڕێگەكەو دەوروو بەری دا داپچریوە . بە قەڵەمبازێك خۆت لە ڕێگەكە دوور دەخەیتەوە ، دەكەویتە پشت گا بەردێكەوە . بەرووی یەكتری دا دەتەقنەوە . دووای تاوێك تۆ ملی ڕێگەی لێ دەگریتەوەو ، ئەوانیش سەرەو خووار تۆز دەكەن .

تۆ زووتر تین و تەكانت لەوەوە وەرگرت . ئەو سەرچاوەی یەكەم هەنگاون بوو . ئەوسا تۆ تازە خەتت دابو . بیرت لەكاسەی سەرت دا ئارام و ئۆقرەی نەدەگرت . بیرت ڕێگەی هەوراز ونشێوی نیشان دایت . ئەوسا كاروان ملی ڕێگەی ئەگرت و ، یاساكان بڕیاری بڕینەوەی هەموو شتێكیان دەدا . یاساكان بەسەر سەری خۆتان و خواستەكانتانەوە ڕادەگیرا .

یاساكان وایان دەووت :

* دەنگتان بەرز مەكەنەوە .
* بیر لە شوێنی لەدایك بوونتان مەكەنەوە .
* دڵداری كردن قەدەغەیە .

تێكڕا شەقامەكان ، كۆڵانەكان ، بێ دەنگی خۆیان لە كش و ماتی یەكی ئێجگار ، ئێجگار ڕەش دا دەخوواردەوە . ئادەمیزادەكان تەلی بەیەك گەیشتنی دەنگەكانیان لێ قرتێنرابوو . ئاڵا ڕەشەكان باڵا ئاوێتەی گەڕەكەكان بوون . ترس و سامێكی گەورە ، خۆی لە شارەوە پێچابوو . كە پرسیارێكی تۆزاوی بە جووتێ كلاشی دۆمی شڕەوە خۆی كرد بە ماڵدا :

* كێ ئەو ئازارانە درووێنە دەكات .

پرسیارێكی تر :

* كێ چاو لە ئاستی مردن‌دا داناخات ؟

●

كە تاریكی لەبەر پێی بەرەبەیان‌دا درێژ بوو . ئێوە شانتان دایە ژێر دارەمەیتی تاریكی و بەگۆڕتان سپارد . هەر لەوێ دا بۆ جارێكی كەو هەتا هەتایە لەچەقی شەقامەكان داو ، لە حەوشەی هەر ماڵێك‌دا پەیكەری ئەبەزینتان دانایەوە . ئەنجام ڕەنگتان ، ڕەنگەكەی ئەوساو ، شێوەتان شێوەكەی ئەوسابوو .

●

چاوم لێیە ڕووەو كەژەكە هەنگاو دەنێیت . هەنگاوەكانت ڕەقاسی هەڵزنان و هەڵگەڕانن . بیرەوەری یەكانیش سێبەرێكن و شان بە شانت هەنگاو دەنێن .

* بەڵام ڕۆڵە ئەمە ژانە ، گینگل دانە .
* وایە ، بەڵام دایە ، لە ماندوێتی دا خۆشەویستیت دەحەسێنمەوە . لەژانەكانم‌دا لەدایك بوونێكی نوێ ئەدۆزمەوە . برسی یەكان لە هەنگاودا سوواری قوناغە دوورەكان دەكەم . برسێتی دەكەمە هاوڕێم تا بتوانم بەختیاری بروێنم .
* وابێ ئێوە لەپێش هەموو كەسێك‌دا دەمرن .
* بەڵێ ، لەدووای هەموو كەسێكیش دەحەسێنەوە .

هەنگاوەكانت ئەتدەن بەلووتكەو ، لووتكە ئەتدات بەو دیو . ئاوایی یەكە خۆیت نیشان‌دەدات . ئاوایی یەكە لە گوڵێك ئەچێت بەسنگی چیاكەوە .

« تا لە ئازارەكانی خۆمان‌دا ئەتوینەوە . هەرگیز هەست بە ئازارەكانی ، كەسانی تر ناكەین . »

چاوت بڕیوەتە چیاكەو هەنگاو دەنێیت ، دوور وبەرز دەڕووانیت : هەنگاوەكانتم لێوە دیارە ، هەڵدەگرن و ئەدبەن . ئەدبەن و ئەتدەن بە ئاوایی یەكە . ڕاسپاردەكانت دەگەینی ، دەگەینی و بەو ڕێگەیەدا كە هاتبوویت هەر بەو ڕێگەیەدا دەچیتەوە . تا بۆ جارێكی كە ڕاسپاردەكانی ئەمان بۆ ئەوان بەرێتەوە .

هەنگاوەكانتم لێوە دیارە دێنەوە ، دێنەوەو لەتەك كازێوەدا خۆیان دەكەنەوە بەو ئاوایی یەدا كەلێوە هاتبوون .